الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR**

# فرۆکەخانەکان لەبەردەم گەرانەوەی پەنابەران دابخەن

## له وەلآم بە دکتور نوری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران

رۆژی 30−1−2007 له راگەیاندنێکی بەریز دکتور نوری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران به دوای کۆنگرەی رۆژنامەگەری دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەکوردستان و خستنه رووی راستی یەکان، له لیدوانیکی تایبەتی بۆ ئاژانسی پەیامنیر و رادیوی زاگرۆس لیدوانەکەی سکرتیری فیدراسیۆن رەت کردەوه و گوتیشی هیچ جۆره رێکەوتنێکی لەو جۆره نەکراوه و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك ئەو جۆره کۆبوونەوه نهینی یانەی نی یە...

ئەم راگەیاندنەی بەریزیان بەرهەمی فشارێکی گەورەی فیدراسیۆنه که له کوردستانەوه یەخەیان دەگرێت رێگایەك بۆ ئەم کیشەیه بدۆزنەوه که هەر خۆیان لایەنێکی بەشدارن له خولقاندنی ، دوو جاره بەپێش چاوی رای گشتی و جیهانی فرۆکەخانەی هەولێر تەرخان کراوه بۆ ناردنەوەی بەزۆری 49 پەنابەرانی کورد که وەك ئەوەی سەربازی جەنگی بن به فرۆکەی سەربازی و جلو بەرگی سەربازی و کەلەپچه پەنابەرانی کورد دەخرێنه بەردەم حکومەتی هەریمی کوردستان و نارەزایەتی یەك له دەمی ئەم حکومەته نایەته دەرێ .

ئیستا ئەگەر بەراستی لەپاڵ پەنابەران و خواستەکانیان راوەستاون بەرەسمی رای بگەیەنن فرۆکەخانەکان نەخەنه خزمەت ئەو دەولەتانەی به نیازن پەنابەران رەوانەی کوردستان بکەنەوه، هیچ پەنابەرێکی بەزۆر نیراوه وەرنەگرنەوه .

رۆژەکانی ئاینده دەتوانی ئەو راستی یانه و سور بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەڵویستی خۆی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بکات .

خواستەکانی پەنابەرانی کورد لەدەرەوه ئەمەیه، داواکاری پەیگیری هەموو لایەکیین بەم خواستانه :

1. ئەو پەنابەره کوردانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان دەکرێنەوه قبول نەکەن.
2. هەموو ئەو اتفاقیانه هەڵوشینەوه که لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ئیمزاکراوه و رەسمەن رای بگەیەنن.
3. فرۆکەخانەی هەولێر نەخرێته خزمەتی ئەو وولآتانه که بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنێرنەوه.

**سکرتاریەتی فیدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-2-6


بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن

| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saeed |
|---|---|---|---|
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address:** PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK | | | IFIR Website: www.csdiraq.com |